# بۆ یەکخستنەوەی ئیدارەکان، لە ئاشەوانەکان بپرسن ؟!

ئاسۆعەبدوللەتیف

یەکێتی و پارتی زۆر چێژو مەتاع وەرئەگرن لەوەی کە پێیان بوترێت خاوەن ئیدارەو ئەزموونێکی دیموکراسی و سەرکەوتوون کە ئەم چێژە لە بنەرەتدا چێژبینینە لە غروور، بەبێ ئەوەی ئەم دیموکراسیەتە بەرگەی یەك رەخنە بگرێت و ئەو غرورەش بچوکترین حیکمەتی تێدابێ، زۆر چێژ وەرئەگرن لە پێشوازی شاندە بیانیەکان  تاوێنەیان بگرن و شەو لە تیڤی دەرکەون و بچنە هەڵەبجەورزامەکانی بکولێننەوە، بەڵام هەرگیز چێژ لەوە نابینن ئەو دیموکراسیەت و ئەزموونە بکەوێتە بەر رەخنەو دەوڵەمەندو بەهێزی بکەن،وە دەکرێت هەر لە سەرەتای ئەم ووتارەوە ئەوە بڵێم کە شەری ناوخۆ بۆ خۆی شەری کوشتنی غرورەکانی یەکتر بوو پێش ئەوەی هەر شتێکی تر بێت، باشە کە ئیدارەکان یەك و یەکگرتوو بوو دواتر جیاتان کردەوەو خوێنتان لەسەر داهات و غرورەکانتان رژان پرستان بە کەس کرد؟ ئاخر تائیدارەو کابینە یەکبوو کەس نەیئەناسین و مونافەسەو قارەمان بوونی نەبوو دابەشکردن و تاڵانکردنی داهات و سەرمایە لە ئەولەویاتی کاری حیزب و حکومەت بوو، وەزیر بێ جێگرو جێگریش بێ وەزیر پەنجەی بە ئاودا نەئەکرد، لەتاو دابەشکردن و خەمی کۆکردنەوەی سامان و راورووت و دروستکردنی خانوی بەرزوڤێللا کەس خەیاڵی بۆ ئەوە نەئەچوو بێت بە قارەمان و سەروەری بفرۆشێت تا بیکەن بەوەزیرووەکیل وەزیر، خەم خەمی کۆنترۆڵکردنی داهات و سامان بوو چونکە باوەریان بە تێزی ماڵی سپی بۆ رۆژی رەش هەبوو، بە راستگۆیش ئەم تێزەیان سەلماند هەر واش بوو سەرجەم سپیاییەکانی ژیانی ئێمەیان رەش رەش کردەوە، کە شەرکراوخوێن رژاو هەموو گۆزەکان لە شارەزورو کەپکی حەمەد ئاغا لەسەری یەکترا شکاوبەشی ئاشتی تێدا نەمایەوە، ئیدی ئیدارەکان پەرت و لەت بوون و سەرچاوەکانی داهاتیش.....؟! هەر حیزبەی بۆ خۆی هەستا بە دروستکردنی پاڵەوانی حکومی و قارەمانی ئیداری و خاوەن خیبرەو تێگەشتووی وەك ئادەم سمیسی رۆژئاوایی و وەك ئابوریناس و سیاسی و پسپۆری کارگێری دەریانخستن تا حکومەتیان تەشکیل کرد، ئەم لەوێ و ئەو لەوێ (من لەدوور و تۆ لەدوور) یان ئەووت وخەڵکیش تا لە سلێمانیەوە ئەگەشتە هەولێر لە دەیان بازگەدا دایان ئەگرتن و لە کوردبوونیان ئەخستن، تەنانەت ئەگەر رێت بکەوتایە لە دۆزینەوەی کیلۆیەك تریاك یان هیرۆین نەت ئەوێرا لە کام دەزگای ئاسایش خەبەر بدەی نەك بە دەسیسەی بزانن و بتگرن و دات برزێنن و بەم شێوەیە کوردستان ببوە مەیدانی ئاڵوگۆری دەیان جۆر کەرەستەی ترسناك و موخەدیرو بازرگانی هەمەجۆر.

باشە کە ئەو دۆخ و ئەزموونە نەفرەتیە هەیە بۆچی داواکاریمان هەیە بۆ یەکگرتنەوەی ئیدارەکان و ئەوەندە خۆشباوەرین وا ئەزانین کە ئەم دوو ئیدارەیە یەکیان گرت ئیتر جادەی خۆڵ نامێنێ و کارەباو ئاومان فول ئەبێ و گەندەڵی تەنك ئەبێ و وەك ئیماراتی عەرەبیمان لێ دێت؟ باشە کە من لە ماڵەکەی خۆمدا سەیدەلیەو کارەباو ئاوم دابینکرد؟ مامۆستام گرت بۆ دەرس ووتنەوە بە مناڵەکانم؟ وەکو بانك قاسەم داناو متمانەم بە حکومەت نەماو دوو چەکدارم بۆ راگرت بۆ پارێزگاری؟ توخوا ئیتر حکومەتم بۆ چییە؟! با ئەو حکومەتە نەك دوولەت چل لەتیش بێ، تۆ بڵێی لە سەردەمی حکومەتی یەکگرتووی بەر لە جەنگی ناوخۆدا سەردەمی کاك فوئاد مەعسوم بەنمونە کوردستان سویدوڤیەننا بوبێت و ئێمە مناڵ بوبین و نەمانزانیبێت؟ تۆبڵێی بەهای دیناری ئەوکاتە و ئاستی سیولەی بانکی و قوەی

شیرائی پارەکەمان چۆن بوبێت؟ تۆبڵێی جاران ئەوەندە دەسکەوت و خزمەت هەبوبێت وا ئێستا ئێمە بیری ئەکەین و داوای ئەکەین؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە ئەبێت تەنها لە ئاشەوانەکان بپرسین کە بەو هەموو داهاتەی کە حکومەتە یەکگرتووەکەمان هەیبوو دەیان منالْ لە برساندا مردن و ئابڕوی سەدان ئافرەتیان بردوو سەدان مالْ تۆوە گسکیان ئەهاڕی و ئەیانکردە ئاردو بە پرپۆڵەیی دەرخواردی مناڵەکانیان ئەداو ئەم منالآنەش کە گەورە ئەبوون دواجار ئەبوونەوە بە خۆراکی شەرگە برسیەکان و جەنگی ناوخۆو ئەبوونەوە بە پرپۆڵەی خوێناویی؟! ئەوان لەو سەردەمە تراژیدیەوە هیچ شتێك نەما تەوزیعی نەکەن بە گردو تەپۆڵکەو بە تەلی فافۆنی کارەباکانیشەوە، ئاخر ئەزموونی رابردوو ئەوەندە جوان نەبوو تا ئێستا بیری بکەین و ئارەزووی هاتنەوەی بکەین، بەم شێوەیەش برۆین داهاتووش ئەوەندەجوان نابێت،ئەگەر گۆرانێکی ریشەیی نەخولقێنین و خۆمان ریفۆرم نەکەین بەرەو نەهێشتنی گەندەڵی، هاوکێشەی یەکگرتنەوەش ئەوەندە دیاردەیەکی گرنگ و چارەنوسساز نیە؟ تا بەیەکگرتن دۆزی کورد بچێتە پێش و لەخەم برەخسیّ، ئەمان دەمێکە ئیدارەیان یەکخستووە بەس ئێمە نایزانین و لە زمانی ئەوان ناگەین؟! بۆیە تا قارەمان و رۆشنبیری ساختە هەبێت دڵنیام ئیدارەکانیش ساختەن، بۆیە تکایە یەك مەگرنەوە.